گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی
ژمارە ٦٣ – ٢٠٢٥
ISSN: 2520-4106

# ڕەنگەکانی ژیان، گەشتێك بەناو جۆرەکانی ڕەنگ لە دیوانی شیعری "شەبەنگی شینی ژمارەکان"ــی هاشم سەراجدا

**د. سەیوان موحەممەد تاهیر**

**کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە/ بەشی کوردی/ زانکۆی سەلاحەددین/**

Saewan.mt@gmail.com

## پوختە:

ڕەنگ وەکوو دیارترین توخم لە بواری هەستەکاندا، لە سەرەتاوە تا ئێستە مایەی سەرنجی مرۆڤ بووە، هەمیشە بە هۆی ئەو سیحرەی کە هەیبووە، توانیویەتی کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤەکان دروست بکات.

لەلایەکی دیکەوە، پێوەندییەکی بەتینی بە لایەنی دەروونی، سەلیقە، حەز و خولیای مرۆڤەوە هەیە، بۆیە لە پۆشینی بەرگدا، لە دیکۆر و هەر کردەیەکی ڕەنگسازیدا، هەمەڕەنگییەکی بێسنوور لە ڕووی ڕەنگەوە بەدی دەکەین.

ڕەنگ لە ڕووی باوەڕەوە، لەم سەردەمەی ئێستەدا جوانی و جیهانی ئافراندن و هێزی دەستی هونەرمەندە، گرنگترین توخمە لەسەرهەڵدانی داهێنانی هونەریدا. ئەمڕۆ بە باوەڕی زۆربەی گەورە هونەرمەند و ئەدیبانی جیهان "ڕەنگ" گرنگترین ڕەنگدانەوەی داهێنانی هونەرییە.

شیعر هەڵبژاردنی وشەکانە، یا ڕەنگکردنە بە هۆی وشەکانەوە، هەڵبژاردنی ڕەنگەکان لە بواری هونەری شاعیردا ناتوانێت بێکاریگەر بێت؛ هەڵبژاردنی هۆشیارانە یان نائاگایانەی هەر ڕەنگێک لە ڕەفتاری شاعیر و لە چینەکانی خوارەوەی جیهانبینییەکەیدا دەبێ ڕێنوێنی بکات.

لەم توێژینەوەیەدا، بە شێوەیەکی زانستی بەهۆی وشەکانی ناو دەقەکەوە، بەهۆی بەشێک لە تایبەتمەندیی ڕەفتارییەوە، ویستومانە بگەینە ئاستێکی باش بۆ ناساندنی "هاشم سەراج" لە دیوانی "شەبەنگ شینی ژمارەکان"دا.

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٤/٨
پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٦/١٧
بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٧/٢٧

**کلیلەوشە:**

ڕەنگ، شیعر، دەروونناسیی ڕەنگ، دەلالەتەکانی ڕەنگ، هاشم سەراج.

▪ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات. گۆڤارەکە لێکۆڵینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.

## پێشەکی:

ڕەنگ دیاردەیەکە لە نێو سروشتدا هەیە، پێوەندییەکی پتەویشی بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە، ئەم پێوەندیەش لایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەگرێتە خۆ؛ هەموو ئەم لایەنانەش بۆ سروشتی پێوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ ڕەنگ لەنێو سروشتدا دەگەڕێتەوە.گوزارشتەکانی ڕەنگیش گرنگی خۆی هەیە لە نێو زانستی دەلالەتدا، ئەمەش لە پێناو بەراوردکردنی لایەنی زمانی و دیاریکردنی دەلالەتەکانی بە شێوەیەکی بابەتیانە، بەڵام دەکرێت هەمان وشە لە ڕوانگەی دەلالەتەوە لە واتایەک زیاتری هەبێت، بۆیە خودی جیاوازیی "واتا" گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکوو گرنگییەکەی بریتییە لە بەدەستهێنانی جیاوازییەکان بە ڕێگەی تر.

لە ڕووی بیر و ئایدیاشەوە، مرۆڤ بەپێی شوێن و کات، بەپێی باری شارستانی و کولتوور، بە گوێرەی ڕەوشی دەروون و ژینگە، بە شێوەی جیا جیا لە ڕەنگ دەڕوانێت. ڕەنگ مۆرکێکی هێماییانەشی هەیە، لە هەموو بوارێکی ژیاندا سوود لەو مۆرکە وەردەگیرێت. بۆ نموونە، هەر وڵات و نەتەوەیەک ئاڵایەک دەکاتە هێمای خۆی. ئەو ئاڵایەش لە دوو توخمی "ڕەنگ + فۆرم" پێک دێت. فۆرمەکە زۆر جار لە شێوەی هێڵکارییەکی ئەندازەیی یان نەخشێکی سادە و چرە هێمادارە، ڕەنگ ئەرکی تەواوکارانە لە گەڵاڵەبوونی هێماییانەی ئاڵادا بەدی دەهێنێت. ڕەنگ بەدەم خواستی دەروونی و حەزی مرۆڤەوە دەچێت. ڕەنگ خۆی ڕواڵەتێکی بێلایەن و بابەتییانەیە، مرۆڤ دێت واتا و ڕەهەندی هێماییانەی پێ دەبەخشێت.

شاعیران باشترین کەسانێکن کە دەتوانن دەلالەتە جیاوازەکان لە نێو شیعرەکانیاندا پیشان بدەن، بەڵام بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم دەلالەتانە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە گوزارشتی بەکارهاتووی جیاواز بەپێی هەستەکانی شاعیر دەگۆڕێت لە نێو چوارچێوەی ئەو دەقانەی کە بەکاریان دەهێنێت. هاشم سەراجیش یەکێکە لەو شاعیرانەی توانیویەتی گوزارشتی جیاواز بۆ ڕەنگ بەکار بهێنێت، دەلالەتی جیاواز لە نێو شیعرەکانیدا سەبارەت بە ڕەنگ پیشان بدات.

**هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ سروشتی دەوڵەمەندی شیعرەکانی هاشم سەراج دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە بواری هەڵبژاردنی ڕەنگ لە نێو شیعرەکانیدا، هەروەها ڕەنگ کاریگەریی دەروونی لەسەر شاعیر و گوێگر هەیە و دەلالەتی هەمەجۆر و قووڵ لەخۆ دەگرێت، چ لە زمانی ئاساییدا بێت یان لەناو دەقی ئەدەبییدا، ڕەنگیش پێوەندییەکی گرنگی بە سروشت و ژیانی مرۆڤەکان و دەقی ئەدەبییەوە هەیە، ئەمەش گرنگیی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەردەخات.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەرخستنی لایەنی چەمک و زاراوەی ڕەنگ و هۆکاری هەڵبژاردنی ڕەنگە لە نێو دەقدا، دواتر ئامانجمان دەرخستنی دەلالەتەکانی ڕەنگە لە نێو دیوانی "شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراجدا".

**پرسیاری لێکۆڵینەوە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە:

١- ڕەنگ چ کاریگەریەکی بەسەر دەروونی شاعیرەوە هەیە؟

٢- ڕەنگ بە گشتی لە دیوانی شەبەنگی شینی ژمارەکاندا چی دەگەیەنێت؟

٣- پێوەندیی ڕەنگ بە سروشت و ژیانی مرۆڤەوە چییە؟

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** میتۆدی لێکۆڵینەوەکە وەسفی شیکاری کتێبخانەییە[٣].سەرەتا لایەنی مێژوویی زاراوەی ڕەنگەکانمان خستووەتە ڕوو، دواتر شیعرەکانمان شی کردووەتەوە و پراکتیکمان کردووە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** سنووری لێکۆڵینەوەکەمان تەنیا لە چوارچێوەی دیوانی شیعری "شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراج"ـە.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەک و دوو بەشی سەرەکی پێک دێت. بەشی یەکەم لە دوو پار پێک دێت، پاری یەکەم بریتییە لە چەمک و زاراوەی ڕەنگ، پاری دووەمیش پێک دێت لەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی ڕەنگ لە دەقدا هەیە. بەشی دووەمیش لە یەک پار پێک دێت، ئەویش "ڕەنگەکانی ژیان، گەشتێک بەناو جۆرەکانی ڕەنگ لە دیوانی شیعری شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراج"دایە. دواتر ئەنجام و کورتەی باسمان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستووەتە ڕوو.

پێشینەی توێژینەوە

سەبارەت بە ڕەنگ، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە چوار چێوەی وتار و نامەی دوکتۆرادا ئەنجام دراون، کە هەوڵ دەدەین ئەوانەی بەردەستن وەکوو پێشینەی توێژینەوە بیانخەینە ڕوو.

**د.موستەفا زەنگنە/٢٠٠٢ "ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکی سیمانتیکیە"** نووسیویەتی، لێکۆڵینەوەیەکە باس لە ڕەنگ دەکات لەسەر بنەمای واتاسازی، پێی وایە وشە ڕەنگییەکان سروشتی ڕێزمانییان نییە تاوەکوو بچنە ناو ئاستەکانی ترەوە. لە بەشی یەکەمدا باس لە بیردۆزەکانی ڕەنگ دەکات لەسەر بنەمای فیزیایی، کە درێژیی شەپۆلەکانی ڕەنگی بەپێی تێڕوانینی زانایان خستووەتە ڕوو، یەکەی پێوانەی ئەنگستزۆمی بەکار هێناوە، لەگەڵ شەپۆلەکانی بینین بەپێی یاسای فیزیایی. لەبەشی دووەمدا باس لە وشەکانی ڕەنگ دەکات بەشێوەی ڕاپرسی لەسەر ٢٠٠ قوتابیی زانکۆ ئەنجام دراوە. لە بەشی سێیەمدا باس لە واتاکانی ڕەنگ دەکات، وەکوو بوارێکی واتایی ڕووت پێناسەی واتایی بۆ کراوە کە هەموو گۆڕانێکی واتایی ڕەنگ بە میتافۆر داندراوە، بەوپێیە مامەڵە لەگەڵ واتاکانی ڕەنگ کراو.

لێرەدا بە تەنیا جەخت لەسەر میتافۆر کراوەتەوە، لە هەمان کاتدا بابەتی ڕاپرسی سەد لە سەد نییە، جیاوازە لەگەڵ مامەڵەی ئێمە بۆ ڕەنگ، کە خاڵ بە خاڵ ڕەنگمان شی کردووەتەوە.

**د.لوقمان ڕەئوف/ ٢٠١٧ "سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا- دیوانی ڕەنگدان بە نموونە".** لێکۆڵینەوەیەکی سیمۆلۆژییە، باس لە دەلالەتەکانی ڕەنگ بەپێی جۆری تێڕوانینی مرۆڤ بۆ سروشتی دەوروبەری و کاریگەری لەسەر جیاوازی و تێڕوانینی جیهانبینی کەسەکە دەکات و دەخاتە ڕوو. تەنیا باس لە چەند ڕەنگێک دەکات کە بریتین لە: زەرد،

[٣] توێژینەوەی کتێبخانەیی پرۆسەیەکی سیستماتیکی و هەنگاو بە هەنگاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە نووسینی بابەتێک یان پێشکەشکردنی سیمینارێک بەکاردێت.لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەیەکی کتێبخانەییدا، پێویستە توێژەر بگەڕێتەوە دواوە و دووبارە دەستکاری نووسینی زانیارییەکانی پێشوو بکات. شێوازی کتێبخانەیی لە هە موو لێکۆڵینە وە زانستییە کاندا بە کاردە هێنرێت و لە هە ندێکیاندا تە وە ری لێکۆڵینەوەیە .لە سەرەتاوە تا کۆتایی پشت بە ئە نجامە کانی لێکۆڵینە وە ی کتێبخانەیی‌دە بەستێت.لەوانەش هەموو بەڵگەنامە چاپکراوەکان بابەتی زانستی ، کتێب، ئینسایکلۆپیدیا، فەرهەنگ، گۆڤار ، ڕۆژنامە، گۆڤاری هەفتانە، گۆڤاری مانگانە، فەرهەنگ، کتێبی ساڵانە، چاوپێکەوتنی چاپکراو ، توێژینەوە، کتێبی کۆنفرانسە زانستییەکان، دەقە چاپکراوەکانی ئیندێکس لە داتابەیس و ئینتەرنێت و ئینترانت و ...هەر سەرچاوەیەک کە دەتوانرێت بە شێوەی چاپکراو دەستنیشان بکرێت.

شین، سوور و سپی، زۆرترین ڕەنگ کە باسی کردبێت بریتین لە: شین، سوور، ڕەش.
باسکردن لەچەند ڕەنگێک بێ ئەوەی هۆکارەکەی باس بکات دەهێنێتەوە، ئایا شاعیر خۆی لەو ڕەنگانە نەداوە یان ئەم ڕەنگانە ئاماژن بۆ شتی تایبەت؟ کە ئەمەش دوورە لە شێوازی کارکردنی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە.

**د. عەدنان عەبدول ڕەحمان تەها، د.شنۆ محمود محمد/٢٠١٨ "ڕەنگ لە شیعری گۆران و نیما یوشینج دا- توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە"** خۆی لە دوو بەش دەبینێتەوە، بە بێ پوختە، کە بەراوردی شیعری هەردوو شاعیری کردووە لە بەکارهێنانی ڕەنگ لە شیعرەکانیاندا، دیوانەکانی هەردوو شاعیر دیاری نەکراوە و بە گشتی وەرگیراوە، کە دەبێتە هۆی پەرش و بڵاوی لە وتارەکەدا، لە هەر بەشێکدا بە جیا شیعری هەردوو شاعیر هێنراوەتەوە بە ناوی ڕەنگ و هاوچەشنەکانی کە تێکەڵ کراوە، کە جیاوازە لە ناونیشانی سەرەکی کە ڕەنگە؛ نەنوسراوە هاوچەشنەکانی.
ڕەنگە هاوچەشنەکان چییە؟ چی دەگەیەنێت؟ ڕوون نەکراوەتەوە، نارونی هەیە لە بەراوردی شیعری هەردوو شاعیر.

**د. ژوان عبد السلام، م.یوسف عەلی/٢٠١٩ "دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعرییەکانی موستەفا بەگی کوردیدا"** وتارێکە باس لە ڕەنگ دەکات وەک بەشێکی سەرەکی لە شیعرەکانی موستەفا بەگی کوردیدا، باس لە فەلسەفەی ڕەنگ و دەلالەت و پێوەندی نێوان ڕەنگ و شوێن لە شیعرەکانی "کوردی"ی شاعیردا دەکات، ئاماژەیان بە ڕەنگی بنچینەیی و لاوەکی هارمۆنی کردووە، ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئامارییە و بابەتی فەلسەفە باس کراوە، کە دوورن لە ڕێبازی توێژینەوەکە و بابەتی سەرەکی. فەلسەفە شتێکە و ڕەنگ شتێکی ترە، دەبوو باس لە فەلسەفەی ڕەنگ بکرایە نە دوو زانست تێکەڵ بکرێت.

**م. روخسار نەبی مەقدید/٢٠٢٣ "میتافۆری چەمکیی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا"**، وتارێکە باس لە ڕەنگ دەکات بەپێی میتافۆری زمانی لە زمانی کوردیدا. لە ڕوانگەی میتافۆرەوە چەمکە جیاوازەکانی ڕەنگی لە زمانی کوردیدا خستووەتەروو، بەپێی میتافۆری چەمکی ڕەنگەکان ناوچە ئەرێنییە واتاییەکان و نەرێنییە واتاییەکان ڕوون دەکاتەوە، وتارێکە بە پشتبەستن بە فەرهەنگ نووسراوە و باسی زمان نەکراوە، بەشێکی زۆری ئەم وتارە باسکردنی لە میتافۆرە، کەمتر باس لە ڕەنگ کراوە.
ئەم وتار و توێژینەوانە باس لە ڕەنگ دەکەن کە نزیکن لە کارەکەی ئێمە، بەڵام شێوازی کاردنی ئێمە لەم وتارەدا جیاوازە، جگە لەوەی کە شیعری نوێ و کورتە شیعرە، جۆرەکانی ڕەنگمان بە گشتی و بە تایبەتی پەیوەست کردووە بە دیوانە شیعرییەکەوە و دوور لە هەر بابەتێکی لاوەکی و زیادە.پێناسەکانی ڕەنگ و زاراوەی ڕەنگ و پێوەندی ڕەنگ بە لایەنی دەروونی خراوەتە ڕوو. ئامار و چەشنی ڕەنگ و فەرهەنگ و فەلسەفە کاری ئێمە نییە، چوونکە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕاستگۆیی لەکاری ئەدەبی و دوورکەوتنەوە لە تەوەرەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە کە ڕەنگە.

## بەشی یەکەم/

### ١-چەمك و زاراوەی ڕەنگ

ڕەنگ لە ڕووی چەمکەوە چەندان دەلالەتی هەیە، کە لە فەرهەنگەکاندا پێناسەکراوە، لە ڕەنگ بە واتای ئەوەیە کە شێوەیەکە وەک ڕەش و سوور، ڕەنگەکەی ڕەنگدارە و ڕەنگی هەموو شتە، کە جیاوازی دەکات لە نێوان خۆی و ڕەنگێکی تر، هەروەها لە فەرهەنگی "الصحاح"دا ڕەنگ بە واتای ئەوە هاتووە کە "فڵانە کەس ڕەنگاوڕەنگە، ئەگەر لەسەر یەک دروست کرا و جێگیر نەبێت". (الرازی، ٢٠٠٥، ل٠) زۆربەی

پێناسەکان لە فەرهەنگدا لە یەکدییەوە نزیکن، واتاکان لە چوار چێوەی شێوەکەیدا دەسووڕێنەوە، یاخود "ڕەنگەکان کۆی ڕەنگە، پێشکەشکردنی یاخود چۆنییەتیی بەرکەوتنی بە جەستە بە شێوەی ڕووناکی یاخود بە شێوەی جۆراوجۆر، ئەمەش لە کاتێکدایە بەپێی ڕەنگدانەوەکە بەرەو هاوێنەی چەماوە لە نیمچە تاریکیدا، ئەمەش ڕەنگی ڕەشە، هەروەها لەیەکچووی بەیانیشە کە ڕەنگی سپییە، ئەم دوو ڕەنگە لە ڕەنگە ڕەسەنەکانن". (عاشور، بێ سالٚ، ل ١٥٥) ئەگەر تەماشای قورئانی پیرۆزیش بکەین، خوای گەورە دەفەرموێت: "فاقع لونها تسر الناظرين" (سورة البقرة، ٦٩) لێرەد مەبەست ئەوەیە، سیفەتی ڕەنگ ئەرکی ئەوەیە کە ڕەنگی جەستە سپییە یا ڕەشە یا هەر ڕەنگێکی ترە. لێرەدا ئەوە بە دەردەکەوێت کە جیاوزی لە ناسنامە و پێناسەکردنی ڕەنگدا بەرەو فرەیی جۆرا و جۆری هەنگاو دەنێت.

لە ڕووی زاراوەوە ڕەنگ جیاوازترە، چونکە لە فەرهەنگە تازەکاندا ڕوونکردنەوەی زیاتر و تازەتری تێدایە، ئەمەش بە هۆی پێشکەوتنی زانست و زانیارییەوەیە کە ڕەنگ لە زانستی نوێدا کار لەسەر مەودای درێژییەکەی دەکات، هەروەها "ڕەنگ دەوەستێتە سەر ئەوەی کە جەستە بەپێی مەودای دووریی ڕەنگ دەیداتەوە و پێچەوانەی دەکاتەوە". (شفیق، ١٩٨٦، ل٥٨١) بۆیە تەماشا دەکەین لە سروشتدا یاخود لەنێو مرۆڤەکاندا چەندان ڕەنگی جیاواز هەیە کە هەموو ئەمانە پێیان دەڵێن: "تێربوونی ڕەنگەکان". ئەم تێربوونەش لەسروشتدایە و دواتر بۆ نێو مرۆڤەکان و ماددەکانی تر دەگوازرێتەوە، بۆیە چەندان جیاوازی هەیە لە ناونانی ڕەنگەکاندا بۆ گوزارشتکردن لە یەک ڕەنگدا، لە زمانی کوردیدا زۆربەی شتەکان بەناوی ڕەنگەکەیانەوە دەناسرێنەوە، دابونەریتەکانیش زۆربەیان پێوەستی ڕەنگەکانن. ئەحمەد سالار، چەندان شتی دیاری کردووە کە پێوەندیی نێوان و زمان و ڕەنگ دەردەخات لە زمانی کوردیدا، وەک:

شوێن: سوورەمێرگ، زەردیاوا، قولەڕەش، کانی سپیکە...

کات: سپێدە، زەردەپەڕ، ڕەشەساڵ...

بۆنەکان: خەتەنەسووران، سوورانە، ڕەشپۆشین، مریشکەڕەشە...

گیانلەبەران: کەری دێز، ئەسپەشێ، ئەسپەبۆر، ئەسپەڕەش، تاژی بەڵەک...

ناونانی مرڤ: کاکەسوور، حەمەسوور، کاکەڕەش، حەمەزەرد، حەمەبۆر، ئەحەڕەش...

نەخۆشی: لاڕەشکە، سوورێژە، کۆکەڕەشە، زەردوویی. (سالار،٢٠٠٩، ل١٧-١٨) .

ڕەنگ وزەیەکی تیشکدارە و شەپۆلێکی درێژی هەیە، وەک چۆن دەنگ شەپۆلێکی لەرەلەرەی هەیە، ئەم شەپۆلانەش لە ڕووی درێژی و پانییەوە جیاوازن لە وەرگرتنیاندا. ئەم جیاوازیيانە بوونەتە هۆی ئەوەی ڕەنگ لە ڕووی زاراوە و چەمکەوە جیاواز بن. بۆیە زانایان پێیان وایە ڕەنگ کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بیرکردنەوە و میزاج و ڕەوشت کە لە بەشەکانی تردا تیشکی زیاتری دەخەینە سەر.

**٢-ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی ڕەنگ هەیە لە دەقدا**

ڕەنگ یەکێکە لەو دیاردە گرنگانەی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بنیاتنانی وێنەی ئەدەبیدا هەیە، چونکە ڕەنگ پێوەندییەکی پتەوی بە هەموو دیاردەکانی ژیان و گەردوونەوە هەیە، لە هەمان کاتدا پێوەندییەکی بەهێزی بە لایەنی دەروونی و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر و ئەفسانەوە هەیە.

حەز و ئارەزووی مرۆڤ بۆ ڕەنگەکان جیاوازە، بۆیە هەر مرۆڤێک ئارەزووی ڕەنگێک دەکات و ڕەنگێک بەسەر ڕەنگێکی تردا دەسەپێنێت یان ڕەتی دەکاتەوە. ئەم ڕەتکردنەوە و قەبووڵکردنانەی ڕەنگەکان پێوەندی بە لایەنی فسیۆلۆجی و دەروونی

کۆمەڵایەتی، ئایینی و حەز و سەلیقەی تاکەکانەوە هەیە، کەواتە هەر ڕەنگێک بهێنین لێی بکۆڵینەوە واتایەکی دەروونی یاخود کۆمەڵایەتی هەیە. ئەم کاریگەرییەش ئەوە دەردەخات کەوا نرخی ڕەنگەکان بەپێی جیاوازی لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕێکارە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کەوا بەشێوەیەکی گشتی کولتوور و نەریتەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە هەڵبژاردنی ڕەنگدا هەیە، ئەم تێکەڵکردنەش زیاتر خۆی لە لایەنی ئایینیدا دەبینیەوە.

کۆنترین گەلێک کە ڕەنگیان تێکەڵ بە پەرستش و پەرستگاکان کردبێت فیرعەونەکانی میسر بوون، ئەو بەرگانەی کە بۆ نوێژەکانیان لەبەریان دەکرد جیاواز بوون، ڕەنگی جلوبەرگەکانیان پێک هاتبوون لە "سووری تۆخ و زەردی کراوە و شینی ئاسمانی، دواتر لە پەیکەرە پیرۆزەکانیاندا بەکار دەهات. بۆ هەر ڕەنگێک هێمایەک و پلەیەک هەبوو، لەوڵاتی ڕافیدەیندا ڕەنگەکان بۆ دوو بەش پۆلینکرا بوون کە یەکیان خێزانی پاشاکان لەبەریان دەکرد و کۆشک و تەلارەکانیان پێ دەڕازاندەوە، ڕەنگەکانی تریش هاووڵاتیی سادە لەبەریان دەکردن." (متوج، ٢٠٠٤، ل١٨٥- ١٩٠) لە عورفی گشتیدا، ڕەنگ چەندان پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، ئەو جیاوازیانەش لە ڕەوشتی خەڵکەکەوە هەڵهێنجراوە، بۆیە وا دەبینین ڕەنگی ڕەش لای هەموو نەتەوەیەک نیشانەی پرسە نییە، بۆیە گوتراوە "ئافرەت جلی ڕەش لە ئاهەنگ و بۆنەکان لەبەر دەکات، ئەمە بە واتای ملکەچی و خۆبەدەستەوەدان بۆ پیاو دێت، هەروەک چۆن لەبەرکردنیشی بۆ ناخۆشی و پرسە بە واتای ملکەچی بۆ قەدەر و حیکەمەتی خودا دێت". (عبید، ٢٠٠٨، ٢٩)، یاخود ڕەش نیشانەی ڕەشبینییە، سپی پاک و بێگەردییە، سەوز ئاشتییە، سوور خۆشەویستی یاخود شۆڕشە، بەڵام لە زمانی خۆشەویستیدا "سوور گوزارشتە لە خۆشەویستی، زەرد غیرەیە، سپی پاک و بێگەرد و هاوڕێیەتییە". (عبدالله، ٢٠٠٨، ٢٩)، یاخود ڕەنگی سپی لای هەموو کۆمەڵگەیەک ڕەنگی خۆشی و شادی نییە، بۆ نموونە لە کولتووری میسریی کۆندا "فیرعەون تاجی سپی دەکردە سەری، تاوەکوو ئاماژە بە دەستبەسەراگرتنی میسری گەورە بکات، لەلایەکی ترەوە ئاماژە بووە بۆ ئەوەی کە بە ئاشتی و ئارامی دەژیا". (مختار، ١٩٩٧، ل١٦٣) .مرۆڤ بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژیت پێوەندیی هەمەجۆری لەگەڵ ڕەنگدا هەیە، بۆ هەر یەکەیان گوزارشت و واتایەکی جیاوازی داناوە، بەڵام بە درێژایی ڕۆژکار ئەو ڕەنگە جارێکی تر گوزارشت و واتاکەی دەگۆڕێت و بۆ شتی تر بەکار دێت، بۆیە ڕەنگ کۆمەڵێک دەلالەتی هەمەجۆری هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی ڕووداوی ماددی و گۆڕانکاریی دەلالەتەکانی ڕەنگ لە ڕووی هەڵچوونی دەروونی و سۆزدارییەوە دەبێت. بۆیە هەندێک کەس ڕەنگێکی تری لە ڕەنگی تر پێ پەسەندترە "هەندێک کەس ئارەزووی لە ڕەنگی سەوزە لە ئەنجامی پێوەندی بە بەهارەوە، هەیە ڕەنگی شینی خۆش دەوێت، چونکە شینی ئاسمانییان بیر دەخاتەوە، هەیە ڕەنگی سووری خۆش ناوێت، چونکە لە هزری ئەواندا ترس و خوێن بوونی هەیە" (عبدالغنی، ١٩٨٩، ل٧٩).

کەواتە ئەرکەکانی ڕەنگ بە جیاوازیی شارستانییەتەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە زەرد ئاماژەیە بۆ پاک و بێگەردی، سوور ئاماژەیە بۆ سۆزی مرۆڤایەتی یاخود ماندووبوونی مرۆڤایەتی، سەوزیش نیشانەی پیتاندن و ژیانەوەیە، نیشانەی دایکایەتیی و ژیانەوەی زەوییە.هەموو ئەمانەش بە هۆکاری ژینگەیی، ئەفسانەیی، کولتووری و ڕۆشنبیریی نێو کۆمەڵگەدا دەگۆڕێت. وەک چۆن ڕەنگ کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ژینگە هەیە، بە هەمان شێوەش ڕەنگ کار دەکاتە سەر لایەنی دەروونیی تاکەکان، بە جۆرێک توانای ئاشکراکردنی لایەنی

کەسایەتی مرۆڤەکانەوە هەیە، هەروەها چەندان دەلالەتی جیاواز لە ڕووی دەروونییەوە هەیە.

**سایکۆلۆجیای** ڕەنگ کاریگەری زۆری لەسەر دەروون و ڕەفتاری مرۆڤەکان هەیە، وەک توڕەبوون یا هەستکردن بە ئارامی و ئاسودەیی، ئەم کاریگەرییەی ڕەنگ وا لە شاعیر دەکات هەست بە هاوسەنگی و گونجان بکات و لە کارە ئەدەبیەکانیدا ڕەنگ بداتەوە. دیاردەی کاریگەریی ڕەنگ لە لایەنی دەروونی و جەستەییەوە بووەتە جێگەی بایەخی زانایانی دەروونناسی کە تێبینی ئەوەیان کردووە "هەموو کەسێک لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەر دەبێت بە ڕەنگەکان، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات". (شکری، ١٩٨٥، ١٢٣)، زاناکان زۆر ڕاستییان ئاشکرا کردووە سەبارەت بەو کاریگەرییەی کە لەسەر دەروونی ئێمە دروستی دەکات، خەڵکی "لە کاریگەربوون بە ڕەنگەکان جیاوازن و هەستی پێ ناکەن" (الخویسکی، ١٩٩٢ ، آ، د).

لێرەدا دەلالەتە دەروونییەکانی ڕەنگ بە گوێرەی ئەو دابەشکردنەی "احمدموختار" کردوویەتی دەخەینە ڕوو (موختار، ١٩٩٧، ل٢٢٨):

١-شینی تاریک: گوزارشتە لە خەیاڵ و تەمبەڵی و هێمنی و پشوو، بەڵام شینی کراوە گوزارشتە لە بڕوابەخۆبوون و بێتاوانی و گەنجێتی، بەڵام شینی قووڵ بە واتای جیاکردنەوە و هەست بە بەرپرسیارییەتی دێت.

٢-زەرد: دەبەسترێتەوە بە گەشت و چالاکی، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی درەوشانەوە و تیشکدانەوە و بزواندن و کرانەوەیە، بەڵام زەردی سەوزباو خراپترین ڕەنگەکانە، چونکە دەبەسترێتەوە بە نەخۆشی و وشکی و جنۆکە، غەدر و خیانەت.

٣-سوور: هێمایە بۆ هەست و سۆز و حەزی سەرەتایی و چالاکیی سێکسی، بەڵام سووری تاریک ئاماژەیە بۆ سادەیی و چالاکی، بەڵام سووری کراوە گوزارشتە لە هەڵەشەیی و گەورەنەبوون، هەروەها گوزارشتە لە هێز و گەنجێتی.

٤-سەوز: دەبەسترێتەوە بە پارێزگاریکردن لە دەروون، هەروەها بە واتای نوێبوونەوە و گەشە و ڕۆژەکانی گەنجێتی دێت.

٥-سپی: ئاماژەیە بۆ پاکی و بێگەردی و ڕاستگۆیی.

٦-ڕەش: هێمای ناخۆشی و ئازار و مردنە، هەروەها هێمایە بۆ تاریکی و ترس لە نادیاری.

### ٣- ڕەنگەکانی ژیان، گەشتێك بەناو جۆرەکانی ڕەنگ لە دیوانی شیعری شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراجدا:

لەم بەشەدا باس لە ڕەنگەکانی ژیان، گەشتێک بەناو جۆرەکانی ڕەنگ لە دیوانی شیعری شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراجدا دەکەین و تیشک دەخەینە سەر هەموو ئەو واتا و گوزارشتە جیاوازانەی کە بەڕەنگ گوزارشتی لێیانکردوە، هەندێک جار سادە و هەندێک جاریش زۆر بە قووڵی چووەتە نێو بابەتەکەوە.

### ٣-١- ڕەنگی شین:

شین ڕەنگێکی ئارامە، هێمایە بۆ بڕوابەخۆبوون و پێبەندبوون. شین لەگەڵ ئەم واتایانەشیدا هێمایە بۆ تاکایەتی و خەم و خەفەت، بۆیە هەندێک لە زانایان تێبینی ئەوەیان کردووە، ئەوانەی لە ژووری شین کار دەکەن، بەرهەمیان زیاتر دەبێت، بەڵام تەنیا شینی کاڵ ئەم سیفەتەی هەیە، شینی توخ دەبێتە هۆکارێک بۆ درووستبوونی ژینگەیەکی سارد و خەمۆکی.

دەلالەتەکانی شین زۆرن، ئەمەش بەندە بە پلەی ڕەنگەکەوە لە لایەنی تۆخی و کراوەییەوە، چونکە شینی تاریک لە ڕەشبینی نزیک دەبێتەوە، بۆیە کاتێک کە تەماشای دەکەین ئەم ڕەنگە دەبێتە هۆی توڕەبوون و ڕقوکینە، لەلایەکی ترەوە ئەم ڕەنگە لە کولتووری کوردی و کولتووری هەندێک گەلانی ڕۆژهەڵاتیدا بە هەندێک شتی خورافی و خەیاڵی دەبەسترێتەوە، ئەوانەش وەکوو "دێو و درنج و

هێزی خراپە لەسەر زەوی، بەڵام شینی کراوە دەبەسترێتەوە بە ئاو و ئاسمان، کە گونجاوە بۆ ئارامی و ساردی". (عبدالفتاح، ١٩٩٣، ل ٢٦) کەواتە شینی تۆخ هێمایە بۆ خەواڵویی و ئارامی پشوودان، بەڵام شینی کاڵی کراوە هێمایە بۆ گوزارشت لە بڕوابوون و بێتاوانی و گەنجێتیی مرۆڤەکان. ڕەنگی شین "ڕەنگی ئاسمان و ئاوە، لەبەر ئەمەیە پێوەندیی دەروونی و بڕوای زۆر و هەمەچەشنەی تێدایە. ڕەنگێکی بووژاوەیە، توانای دروستکردنی کەشێکی خەیاڵی هەیە، کەشێکی سارد لەسەر کەناراوەکان دروست دەکات". (حمدان، ٢٠٠٨، ل١٨٦) .

شین بەپێی کولتوورەکان دەگۆڕێت. لای عیبرییەکان ڕەنگی "یەهوودا"یە کە پێغەمبەریان بووە، هەروەها لای یەهوودییەکان شین پیرۆزە و بە خواوەوە بەستراوەتەوە. "شین ڕەنگی خوایە کە یەکێکە لە ڕەنگە پیرۆزەکانی یەهوودییەت، لای مەسیحییەکان کەمتر بایەخی هەیە، چونکە لە کتێبی پیرۆزدا نەهاتووە، بۆیە کەمتر لە پەرستشە ئاینییەکاندا بەکار دێت، لە قورئانیشدا یەک جار هاتووە". (موختار، ١٩٩٧، ل١٦٣) لای چینییەکانیش هێمای مردنە، بەڵام لای میسرییەکان بە پێچەوانەوە شین ڕەنگی ڕاستییە، هەروەها شین بەوە ناسراوە کە ڕەنگێکە "ئاستی توڕەبوون کەم دەکاتەوە و دەروونیش ئارام دەکاتەوە، چونکە ڕەنگێکە بە ئاو و ئاسمان دەبەسترێتەوە، هەروەها ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی و نەمری و وەفاداری". (حاجی ابادی، ٢٠١٢، ل٩٦).

لە فەرهەنگی کورددا، شین بە واتای سەوزایەتی هاتووە، یا تازیەباری، یا لقەداری بڵند. شینبوون واتە ڕووانی دار و گوڵ.. هەندێک جار بە واتای گەورە دێت، وەک شینەپیاو یا شینەزەلام کە توانجە، لە لایەکی دیکەوە بە واتای دوورخستنەوەی چاوەزار دێت لە کەسەکان، بۆیە لە کوردەواریدا دایکان مۆری شین بە منداڵەوە دەکەن تا لە چاوەزار پارێزراو بن.

لێرەدا هاشم سەراج شین بە پیرۆز تەماشا دەکات و دەیکاتە هێمایەک بۆ گەیشتن بە ڕاستی ژیانی و خۆشەویستەکەی، ئەمەش لە ئەنجامی سوودوەرگرتن لە بەکارهێنانی لە نێو کولتووری جیاوازدا. شین لە لای شاعیر قووڵترین ڕەنگەکانە، دەچێتە نێو بینینەوە بەبێ هیچ بەربەستێک. ڕەنگی شین، سروشت بە شێوەیەکی گشتی وەک دیمەنێکی ڕوون پێشکەش دەکات، ئەو دیمەنانەش لە سروشتدا پێک دێن لە بۆشاییی هەوا و بۆشاییی پاک و بێگەرد و ئاو. دەبێت ئەوەش بزانین کە ڕەنگ کاریگەریی تەواوی لەسەر دەروونی مرڤ هەیە، هێزێکی لەرەداری سەرنجڕاکێشە، کار دەکاتە سەر دەمارەکانی دەماغی مرۆڤ، دەروونیش خۆشییەکی هەیە لە کاتێکدا کە تەماشای ئەو ڕەنگانە دەکات و پەی پێ نابردرێت، وەک لەم دیمەنەی خوارەوەدا دیارە شاعیر خۆشییەکانی بە شنەبا دەچوێنێت، چونکە ئەو شنەبایە دەروونی ئارام دەکاتەوە:

خۆشی
شنەبایەکی شینە
چەشنی
پرشنگە غەمگینەکانی جوانی
بەبێدەنگی تێدەپەڕێ. (سەراج، ٢٠١٢، ٥٣).

سەراج شیعرەکانی بە ڕەنگی شین دەست پێ دەکات و دەیکاتە تەوەری سەرەکیی بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی، لە زەمەنێکەوە دەگوازێتەوە بۆ زەمەنێکی تر. هاشم سەراج دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو کە مرۆڤ هەمیشە گیرۆدەی جوانییە، جوانی بەلای ئەوەوە خۆی لە ڕەنگی شیندا دەبینێتەوە، چونکە ئارامی پێ دەبەخشێت. بەخشینی ئارامی بە دەروون لە ڕێگەی ڕەنگەوە وەکوو جوانی وایە کە کەم کەم لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا بەرەو کزی و کاڵبوونەوە دەچن.

ئەی دڵی گەردوون
ئەوەی نوقمی

دەریاچەی شینی
جوانیت
بێ، دەربازبوونی
مەحاڵە. (سەراج، ٢٠١٢، ٧٧).

دەریاچە کە بچووکترە لەدەریا و دیمەنێکی جوانتر و ناسکتری هەیە، سەراج دڵی گەردوون بە یار دەچوێنێ و دەڵێت: هەر کەسێک بکەوێتە ناو ئەو جوانییەوە ڕزگاری نابێت و گیان دەسپێرێت.

سەراج تەوەری باسەکەی دەگوازێتەوە، لەوپەڕی جوانی و خۆشی و ژیانەوە دیمەنەکان دەگوازێتەوە بۆ مەرگ، ئەژدیهای ئەفسانەیی دەکاتە هێمایەک بۆ مەرگ، وەک چۆن لای چینییەکان شین هێمایە بۆ مەرگ بە پێچەوانەی هەندێک کولتووری میللەتان.ئەژدەری شینی گیندایکی دەریاییە کە قەبارەی بچووکە لە قووڵاییی دەریاکاند دەژیت، ژەهرێکی شاراوەی هەیە، بە دەست لێدانی ڕووبەرووی مەترسیت دەکاتەوە کە مەرگە، سەراج مەرگی بەو ئەژدیها شینە چواندووە کە وەکوو ئەم گیاندارە شینە بە خشکەیی دێت و وەکوو مار لە ڕۆح دەئاڵێ و ڕوبەرووی مەرگت دەکاتەوە.

مەرگ ئەژدەرێکی شینە
بەخشکەیی
دێ و
لەشمشادی ڕۆح دەئاڵێ

دیسانەوە شین دەکاتە هێما بۆ مەرگ و دەڵێت :

ئەوەی ئاماژەی شینی مەرگ
دەسگیربکا
لەمانای بێبنەڕەتی
بوون دەگا. (سەراج، ٢٠١٢، ١٣٤)

بوون بەلای سەراجەوە بێبنەمایە، هیچ بنەڕەتێکی نییە، ئەمەش دەچێتە خانەی پووچگەراییەوە، کە لە ڕیگەی مەرگەوە دروست دەبێت و دووچاری نائومێدی دەکاتەوە. مەرگ هەبێت، بوون هیچ واتایەکی بۆ نامێنێتەوە، ئەم خۆکوشتنە لە دەق بە شین ئاماژەی بۆ دەکات کە بووەتە ڕەمزی مەرگ لای سەراج.

هاشم سەراج لە پووچگەرایی و نائومێدییەوە، لە ئاماژەی مەرگەوە ئەمجارە ئاماژەکان پێچەوانەوە دەکاتەوە، دەلالەتەکانی شین لە سیاقێکەوە بۆ سیاقێکی ترەوە دەگوازێتەوە، لە مەرگەوە بۆ هێز و سێکس و هەست و ژیان:

بوونت
هێزی شینی
ئەفسونکارانەی وشەیە. (سەراج، ٢٠١٢، ١٨٨)

یاخود دەڵێت:

نەک هەر جەستەت
چەرچەفە شینەکەت
بۆنی
ئەناناسی فیردەوسی
لێدێ. (سەراج، ٢٠١٢، ٣٥٥)

شین بە لای سەراجەوە ژیان و زیندووبوونە، ئارامبەخشە بۆی، نیشانەیە بۆ بەردەوامی و دەڵێت:

لەم زیندەگییە شینەدا
ماچ و وشە
دوو دیوی
یەک دراون
دوای
کردە و دەربڕین
دەستوبرد
دەبن بە
رابردوو. (سەراج، ٢٠١٢، ٤٧٠)

**٣-٢- ڕەنگی ڕەش:**

ڕەنگی ڕەش، ڕەنگێکی سەرەتاییە و زۆر بەکار دێت و لە زووەوە بەکار هاتووە و بەربڵاوە لە چاو ڕەنگەکانی تردا، یەکێکیشە لەو ڕەنگانەی زۆرترین پانتایی لە ژیانی مرۆڤدا گرتووەتە خۆ، ڕەنگێکە زۆر چووەتە نێو کێشە و ڕۆشنبیرییانەوە بە درێژایی سەردەمەکان. ڕەنگێکی زۆر بەربڵاوە، کە لە ئەنجامی

وەڵامدانەوەی ترسەکانی مرۆڤ و خەم و ئێشی خودی خۆیان و خۆگرتنیان بە شوێنەکانیانەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ شتەکان و ژیانیاندا هەستیار بن، ئەم هەستیارییەش بووەتە بەشێک لە کولتووریان.

لە ڕووی زاراوەوە، ڕەش بە واتای "وەنگ، قەرە، تار، بۆتەل، قەنووس، زەنگی، موژگین، تاری، سیاه، سیە، تاریک، سیاو، سیاون و مشکی قەڵافی دێت" (شێخانی، ٢٠١٣، ١٨٦). هەموو ئەم زاراوانە هاوواتای ڕەنگی ڕەشن، ئەمەش دەلالەتە لە گرنگیپێدانی تاکەکان بە ڕەنگی ڕەش. ڕەنگی ڕەش دژیەکی گشت ڕەنگەکانە، بە جەوهەری تاریکیی سەرەتایی دەبەسترێتەوە، ڕەنگێکە گوزارشت لە نەرێیی دەکاتەوە، لە لایەکی ترەوە گوزارشتە لە "مەرگ و ترس و بیم و شەو و تاریکی و پۆشاکی پیاوانی ئایینی و بار و مەقامیان و دەسەڵات و ڕووی فەرمی دەلوێ". (سالار، ٢٠٠٩، ٧١)، لە کۆمەڵگەی کوردیشدا، ڕەش زۆر جاریش گوزارشتە لە تەعزییەباری، کۆستکەوتوویی، یاخود زۆر جار بۆ نمایش و شان و شەکەوت نواندنە. دەکرێت بڵێین تەعزییەباریی ڕەش، بێ پاڕانەوەیە، لەدەستدانی کۆتاییە، کەوتنە نێو بۆشاییە بێ گەڕانەوە، ڕەنگی سزادان و تۆمەتخستنە پاڵە، بەڵام زۆر جار ڕەنگی ڕەش دەبێتە ڕەنگی زاهیدی لەم جیهانەدا، وەک چۆن لای زۆربەی ئیمامەکان هەیە، کە "بە واتای ملکەچی بۆ خودا دێت". (عبید، ٢٠٠٨، ل ٦٦). لە بیری سۆفییەتدا ئەگەر بڕوانییە جەلالەددینی ڕۆمی، قۆناغەکانی گەیشتن بە خۆشبەختی لای سۆفییەکان بە پلەکانی ڕەنگ دەبەستێتەوە، وای دەبینێت کە خاڵی دەرچوون یان دەستپێکردن لە سپییەوە دەست پێ دەکات کە کتێبی شەریعەت و قورئانە، بۆ گەیشتن بە ڕەنگی ڕەش لە ڕێگەی ڕەنگی سوورەوە دەبێت، ئەم ڕەنگی ڕەشەش بە لای ڕۆمییەوە ڕەنگێکی ڕەهایە، کۆتاییی هەموو ڕەنگەکانە، سۆفی لەگەڵیدا دەگاتە بەرزترین قۆناغی نەشوە، ئەمەش خودایەتی بۆ سۆفی دەردەخات و بەڵگەکانیشی بۆ دەخاتە ڕوو.

ڕەش پێوەستە بە هێزی خراپە و نەستەوە، کۆمەڵێک واتای جیاوازی بۆ دروست کراوە، هەندێکیان لە خۆوەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەلالەتی قووڵ و بەهێزیان هەیە وەک: ڕۆحی ڕەش، ئاڵای ڕەش ، هزری ڕەش، بەختی ڕەش، دڵی ڕەش، ڕۆژێکی ڕەش، لیستی ڕەش کە بۆ ئەوانەن ترسناکن و بە دوایان کەوتن. بێجگە لەمانە زۆر جار ئاماژە بە "ترس لە نادیار و مەیل بۆ بێدەنگی دەکات، چونکە ڕەنگێکی نەرێییە و دەلالەت لە فەنابوون دەکات". (موختار، ١٩٩٧، ل١٨٦). هەروەها ئاماژە دەکات بە حیکمەت، بۆیە زۆربەی پیاوانی ئایینی دەیکەنە دروشمێک بۆ خۆیان. ئەم حیکمەتە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستێکی بڵندی دیبلۆماسی، کە دەلالەت دەکات لەسەر "پلە و نرخی خاوەنەکەی و شوێن و پایەی کۆمەڵایەتی و فەرمیبوونی کەسەکە، بۆیە لە پرسە و ئاهەنگە فەرمییەکاندا لەبەر دەکرێت". (فرج، ١٩٨٢، ل ١٣٧).

شاعیر لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا هێما و دەلالەتی تایبەتی داوەتە ڕەش، وشە و ڕستەی گونجاوی خستووەتە بەر دەست، پێبەندی مەرگی کردووین، ژیان ئەگەر شەربەت بێت ئەوا مەرگ شەرابێکی ڕەشە، ڕەش ئاماژەیە بۆ مەرگ، ئەم واتایەش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی کۆنی هەیە، کە زۆر جار سزای مەرگیان دەسەپاند بەسەر کەسێکدا دەبوایە شەرابێکی ڕەشی ژەهراوی بخوا، شاعیر ئەم حاڵەتەی بۆ بارێکی تر بەکار هێناوە کە ئەویش مەرگە، مەرگیش خۆی تا ڕادەیەک ئازاردانی مرۆڤ و لە لایەکی ترەوە فەنابوون یاخود توانەوەیە لە نێو زاتی خودادا. ڕەنگی ڕەش لە نێو کولتووری کوردیدا ڕەنگێکی تا ڕادەیەک خۆشەویست نییە، ئەو خۆشەویستییەی هەیە بۆ ڕەنگی ڕەش ڕێژەییە، هاشم سەراجیش ڕەش بە مەبەستی ناخۆشی و مردن

بەکار دەهێنێت، لە لایەکی ترەوە لای سەراج نیشانەی تاریکییە.

ژیان
شەربەتێکی شینە
قوم قوم
دەینۆشین
مەرگ
شەرابێکی ڕەش
تنۆک تنۆک. (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٥٧).

سەراج ڕەنگی هەڵگەڕاندووەتەوە بۆ بارێکی دیکە، ئەمە شاعیرییەتی شاعیر دەردەخات، جوانکاری تێدا ئەنجام داوە، چونکە زۆر جار دژەکان شت جوانتر پیشان دەدەن، بۆیە شاعیر لە بری ئەوەی ڕەنگی سپی بۆ شەیدابوون بەکاربهێنێت ڕەشی بەکارهێناوە.

شەیداییەکی ڕەش
هەڵیلووشیم. (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٣١٠).

شەیدایی کە تامەزرۆیی دەگرێتەوە، دەیکاتە ڕەش کە ئەمەش نەگەیشتن بە یار دەگەیەنێت، وەکوو گەردەلولێکی ڕەش هەڵی لوشیوە.

زۆر جار ڕەش دڵخۆشکەرە و زۆر جاریش ناشرین و ناخۆشە بۆ دەروونی مرۆڤەکان، ئەمەش بەپێی شوێنەکان دەگۆڕێت.

ژەهری ڕەشی
ڕۆحم
دەخۆمەوە. (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٢٢٨).

هاشم سەراج دیمەنێکی تر دەداتە ڕەش، کە پێوەستە بە ئافرەتەوە، زۆر باسی لایەنی جەستەیی و هەوەس دەکات، بۆیە لێرەدا مەیلێکی هەوەسبازیانە و واتای خۆ بەدەستەوەدانی ئافرەت بۆ پیاو دەخاتە ڕوو.

ئێستە
کراسە ڕەشەکەی بەرت
دابکەنی و
یاری بە
گوارە و گۆپکەکانت بکەی
ژیان
لە شیوەنێکی شینەوە
دەبێت بە
شاییەکی پەلکەزێرینەیی. (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٣٩٣-٣٩٤).

ڕەهەندێکی سێکسیانە دەبەخشێتە ڕەش، هاشم سەراج هەرجارە و ڕەنگی ڕەش بە مەبەستێک بەکار دەهێنێت، لێرەدا ئاگری ڕەش ئاماژەیە بۆ حەز و ئارەزووبازی، بۆ گەرمیی جەستەی ئافرەت، ئاماژەیە بۆ خودی ئافرەت. ڕەش کە هێمای ناخۆشییە، بە دەستبازی لەگەڵ یار دەگۆڕێت بۆ شایی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشانەوەی دەروون و ڕۆحی شاعیر کە شیوەن دەبێت بە شایی و دڵخۆشی.

ئەو ئاگرە ڕەشە
ژنێکی باڵا بڵندی
داوێنتەڕە
بە لەنجەی
چاوی زەرد و
ماچی گەردنی زراڤی و
گرتەی نامۆی لەشی
دەیان تێکستی ئیرۆسی
پێنووسیم (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٣٨٤-٣٨٥).

هوونەریی لێکچواندنی زۆر بە وردی بەکار هێناوە، ئاگری ڕەش بە "ژنێکی باڵابڵند، داوێن تەڕ" چوێندراوە، کە شاعیر ئەم تێک ئاڵانە وای لێکردووە ناچاری بکات شیعری ئیرۆسی بنوسێت، دەکرێت ڕەنگی ڕەش کاریگەریەکی سەرنج ڕاکێشی لە پێوەندیە سۆزدرایەکاندا هەبێت، یان هۆکارێک بێت بۆ بەهێزی و کەشخەیی و جوانی و ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر، ئەمەش لەلای سەراج ڕەنگی داوەتەوە.

شاعیر لە ڕێگەی ڕەشەوە سیناریۆیەک یاخود دارشتنێکی سینەمایی ئامادە کردووە، هەر جارەوە بە لایەنێکەوە دەیبەستێتەوە.بۆیە هەموو ئەو جیاوازییانە

بونەتە هۆی ئەوەی کە چەندان گوزارشتی جیاواز سەبارەت بە ڕەش بێتە ئاراوە، هەندێک جار، ڕەش ڕەنگێکی دژەجوانییە، دەلالەتەکانیشی خەم و بێئومێدییە، هەندێک لە تاکەکەسەکان بە ناوهێنانی دڵ تەنگ دەبن، چونکە ڕەنگی تاریکی و بێدەنگی و بێ ئومێد بوون و لەنێوچوونە.

**٣-٣-ڕەنگی سپی:**

ڕەنگی سپی لە دوای ڕەنگی ڕەش لە ڕووی بەکارهێنانەوە لە پلەی دووەم دێت. بەپێی لێکدانەوە جیاوازەکان، سپی بە ڕەنگە ساردەکان دادەنرێت، ئارامی دەبەخشێتە تاکەکان، ڕەنگێکی ئیجابییە، ئاماژەیە بۆ پاک و بێگەردیی مرۆڤ، بۆیە ئەگەر ڕەنگێک کەمێک لە ڕەش بکات واتە تاریک بێت ئەوا ڕەنگێکی تا ڕادەیەک دڕەنگتر بەپێی شوێنەکان دەگۆڕێت، هەندێک جار کەسەکان سپی بۆ دەربڕینی باش بەکار دەهێنن، چونکە تێگەشتن و واتاکەی ئاسانە.

سپی بەپێی سەردەمەکان بە ڕەنگێکی ئیجابی ناسراوە، دەلالەتی باش و جوانییە لای ئافرەت، دەسەڵات و بەرزییە لای پیاو. کاندنسکی، سەبارەت بە ڕەنگی سپی دەڵێت: "زۆر جار سپی بە ڕەنگ داناندرێت، سپی وەک بێدەنگی، ڕەنگی ڕەهایە و کاریگەری دەخاتە سەر ڕۆحمان، ئەم بێدەنگییە مردن نییە، بەڵکوو بە توانای زیندووەوە هەڵدەقوولێت، ئەو هیچ نییە پڕە بە خۆشیی گەنجان، ئەو هیچ نییە پێش لەدایکبوون، پێش هەموو سەرەتایەک... لە کۆتاییدا دەڵێت: ئێمە ناتوانین پەسنی ڕەنگی سپی بکەین و ناوی بنێن، تەنیا دەتوانین بڵێن کە سپی ڕەنگی سپێدەیە" ( عبید،٢٠٢٣، ل ٥٥).

بە درێژاییی سەردەمەکان، سپی ڕەنگێکی پیرۆز بووە، لەسەردەمێکدا لە نێو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا چەندان دەلالەتی جیاوازی هەبووە، سەرەتای مردن و خەمە، بە هەمان شێوە لەنێو گەلانی ڕۆژئاواییشدا هەمان دەلالەتی مردن و خەمی هەبووە.سپی لە چوارچێوەی واتا و سیاقی گشتیدا چەندان واتای هەیە لەوانە "ڕەمزی پاکی، ڕووناکی، خۆشی، سەرکەوتن و ئاشتییە". (یوسف،١ ٩٣٠،ل٧٠) هەروەها لە نێو سیاقدا بە هەمان دیتن دێت کە "ڕەمزی پاکیی سەرجێ و ئارامی و هیوایە، خۆش ویستنی چاکە و سادەیی لە ژیان و خۆنەبەستنەوەیە لە ڕاسپاردندا". ( فرج، ١٩٨٢، ل١٣٧)، بەڵام لەگەڵ ئەوەی باسمان کرد زۆر جار سەبارەت بە سپی دژایەتییەک دروست دەبێت سەبارەت بە واتا و دەلالەتەکانی، چونکە بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت، بۆ نموونە لای گەلانی چین، ڕەنگی خەمە، بە پێچەوانەشەوە لای یۆنانییەکان گوزارشتە لە خۆشی و پاک و بێگەردی، بەڵام زۆر جار ڕەمزی ئابڕوو و پاکێتی و ئاشتییە، ئەمەش وای کردووە بە باش بڵێن ڕووسپییە و بە خراپیش بڵێن ڕووڕەش، ئەمە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا بەدی دەکرێت؛ بە ئافرەت و پیاوی باش دەڵێن ڕووسپی و بە خراپیش دەڵێن ڕووڕەش، کەواتە ڕەنگی سپی لەلای میللەتی کورد و زۆربەی میللەتان، واتای "فریشتەیی، ساکاری، پاکژی و بڕواداربیە، دڵنیایی، پوختەیی، خێرخوازیی، دووڕێتی و خۆبەگەورەگرتن و لوتبەرزی و بوغرایی و لە خۆباییبوونە". (سالار، ٢٠٠٩، ل٧١) بە شێوەیەکی گشتی، ڕەنگی سپی ڕەمزی پاک و بێگەردییە، بۆیە ڕەنگی سپی بە شێوەیەکی بەرفرەوان هاتووەتە نێو ئەدەبەوە، ئەسپی سپی و سوار چاکێتی و جوانێتی ڕەمزی خەوە جوانەکانە بۆ مرۆڤەکان، کە پلەیەکی بەرزی هەیە لە نێو ڕۆمان و شانۆگەرییەکاندا. ئەگەر بڕوانینە ئەدەبی میللییش ئەوا زۆر گرنگی پێ دراوە، وەک ڕەنگێکی گرنگ کراوە بە ڕەمزی باشی و جوانی. هەموو ئەو گوزارشتانە لە کۆتاییدا دەگەنەوە یەک کە هەموویان مەبەستیانە "سپی" بکەنە هێمایەک بەپێی ئەو کولتوورەی کە هەیانە، بۆیە هەریەکەیان بەپێی کولتووری ناوچەیی خۆی، هەوڵی داوە سپی پێناسە بکات و ڕوونی بکاتەوە.

پێوەندیی ڕەنگی سپی بە شیعرەوە، زۆر بەرفرەوانە، لێرەدا سپی دەلالەتێکی تری دەداتێ، چونکە سپی نیشانەی پاکێتی و ئاشتییە، بەڵام لەم پارچە شیعرەدا وەزیفەکەی دەگۆڕێت بۆ پچراندن و هێنانی مەرگ.

مەرگ

ئاسنگەرێکی ستەمکارە

لەپڕ دێت و

چەکوشە سپییەکەی

لە

لەگەنێک خوێن دەنێ و

قەف قەف زنجیری

پێوەندییە ئیستەتیکییەکان

دەپچڕێنێ .( سەراج، ٢٠١٢، ل٥٣-٥٤).

شاعیر بە شێوەیەکی سادە و هەڕەمەکیانە تەماشای ڕەنگ ناکات، هەمیشە تێڕوانینێکی تایبەتی بۆی هەیە، لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بوون

وێرانەیەکی سپییە .( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٦٩).

بوون لای سەراج بێ بنەمایە، بە ڕەنگی سپی دەیچوێنێ، سپی ئاماژەیە بۆ مەرگ، ئەمەش بێهیوایی و بێهودەیی بۆ دەروون و ڕۆحی درووست کردووە، ئەم بێهوودەییە هۆکاری پچڕانی جوانییەکانی ئیلهامی شیعرە.

بوونی مرۆڤ

لەتارماییەکی سپی

دەچێت. .( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٧٤).

تارمایی سپی، ئاماژەیە بۆ ترس و خەیاڵ، هەمیشە مرۆڤەکان ترسیان لە تارمایی هەیە، ژیان و بوون بەلای هاشم سەراجەوە بریتییە لە تارمایی و ترس و تراژیدیا، دیمەنەکانی تراژیدیا هەمیشە ترس و دڵە ڕاوکێ بۆ مرۆڤەکان دروست دەکەن.

هەمیشە

لە واتای بووندا

تراژیدیایەکی سپی

بەلەز

دەگەڕێ.( سەراج، ٢٠١٢، ل٤١٠).

تراژیدیا کە ڕووداوێکی سامناکە لە بری ئەوەی ڕەنگێکی تری بۆ بەکار بهێنێت ڕەنگی سپی بۆ بەکار هێناوە، کە بۆ تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤ تراژیدیای سپی دەگەڕێت نەک تراژیدیای ڕەش یا ڕەنگێکی تر.

مەرگ لە لایەک ڕەشە لە لایەکی ترەوە سپییە، شاعیر هەوڵی داوە دیمەنەکان جۆراوجۆر پیشان بدات، ئەمەش توانا و سەلیقەی شاعیرمان بۆ دیار دەخات، دەیەوێت جوانکاریی شیعری ئەنجام بدات.

مەرگ

گەمەیەکی سپی

لە نێوان جیهانێکی

نادیار و دیاردا . .( سەراج، ٢٠١٢، ل٤٩٢).

یاخود دەڵێت:

زانین

هەرمێیەکی سپییە.( سەراج، ٢٠١٢، ل٥٠٠).

شاعیران جیاوازن لە مرۆڤی سادە، چونکە "مرۆڤی سادە بەشێوەیەکی سادە تەماشای شیعر و ڕەنگ دەکات، بەڵام شاعیر کە تەماشای ڕەنگ دەکات، ئەوا تەماشای دەلالەتەکانی یان ڕووکەشەکەی ناکات، بەڵکوو دەیەوێت بچێتە نێو پێکهاتە و قووڵاییی ڕەنگەکانەوە، چونکە ئەو وەک مرۆڤی سادە تەنیا گرنگی بە ڕووکەشی شتەکان نادات". (هیگل، ١٩٧٨، ل٣٠٧) بەڵام لەو شیعرەی سەرەوەدا ئەمە ئەوە پیشان دەدات، شاعیر لەبری گەشبین بێت لە ژیاندا، زۆر ڕەشبینە.

**٣-٤- ڕەنگی سوور:**

سوور بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگێکی بنەڕەتییە بۆ بنەما و باوەڕی بەهێزی ژیان. توانا و درەوشانەوەی ڕەنگی ئاگر و خوێنە، بۆیە هەمیشە هەمان ڕەگەزی خوێن و ئاگری هەیە لە بەڕەنگاربوونەوەدا.

سوور به یەکێک لە ڕەنگە کۆنەکان ئەژمار دەکرێت، کە مرۆڤ لە نێو سروشتدا ناسیویەتی، سوور "یەکێکە لە ڕەنگە گەرمەکان لە بەهێزیی ناو کڵپەی ئاگر و گەرمای بەتین، هەروەها یەکێکە لە درێژترین شەپۆلەکانی ڕووناکی" (موختار، ١٩٩٧، ل١١١) ئەم ڕەنگە لە هەموو ڕەنگەکانی دیکە تا ڕادەیەک دژ بە یەکترن، چونکە ڕەنگی خۆشی و خەمە، ڕەنگی توندوتیژی و کەیفسازییە، بەڵام ئەگەر بڕوانینە ئەم ڕەنگە، زیاتر ڕەگەزی خەم بەسەریدا زاڵە، ئەمەش بۆ بوونی سووری ڕەنگی خوێن دەگەڕێتەوە، چونکە ڕەنگێکی ترسناک، بەڵام ئەمە مەرج نییە بۆ هەموو کولتوورێک وەک یەک وا بێت، چونکە دەلالەتەکانی بەپێی کولتووری کۆمەڵگەکان دەگۆڕێن، ئەمەش بۆ جیاوازیی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە. بایەخپێدانی زیاتر بە سوور لە نێو شیعردا زیاتر دەردەکەوێت، بۆیە شاعیران لە ئەنجامی هۆشیاری و جوانیناسییان بۆ دیاردەکان بەکاریان هێناوە.

لە لایەکی ترەوە جگە لە کولتوور ئەزموونی سیاسییش، کاریگەری هەبووە لەسەر ڕەنگی سوور، بۆیە "ڕەنگی سوور ئاماژەیە بۆ ئەزموونی حیزبی لە دەربڕینی سەبارەت بە مرۆڤی تورە و ململانێی ڕۆژانە لە پێناو ژیانێکی باش، ئەمەش بەپێی دەلالەتە ڕاستەقینەکانی وەک هێمایەک بەکار هاتووە، کە ئاماژەیە بۆ بۆ دروشمی حیزبی شیوعی". (العمادی، ٢٠٠١، ل٢٥).ڕەنگی سوور چۆتە نێو کولتووری زۆربەی وڵاتانەوە، لەوانەش بە نموونە: چین و ڕووسیا و یابان کە هەمیشە لەنێو کەرناڤاڵ و ئاهەنگە میللییەکانیاندا ئامادەیە، بە تایبەتی لە جەژنی بەهار و ئاهەنگی هاوسەرگیری و لەدایکبووندا، لە نێو کولتووری کوردیشدا، زۆر جار دەڵێن: "سوور و سپییە" واتە ڕەنگی جوانە، بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین، زۆربەی گەلان بە شێوازی تایبەتیی خۆیان گوزارشتیان لە ڕەنگی سوور کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات سوور تا ڕادەیەک قووڵترین ڕەنگی غەریزەی مرۆڤایەتییە، ئەوانیش کار و گڕوتین و ماندووبوون و ڕزگاربوونە، بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەو ئاڵا سوورانەیە کە لە ڕۆژگاری ئێمەدا دەشەکێنەوە و بوونەتە هێمای زۆربەی وڵاتان.

هاشم سەراجیش بەمەم شێوە باس لە ڕەنگی سوور دەکات و دەڵێت:

بڕێجار

سەیری وێنە هەڵواسراوەکانی

مەچکۆ دەکەم

خەیاڵێکی سوور دام دەگرێ. ( سەراج، ٢٠١٢، ل١٩٩).

لەم شیعرەدا سوور دەلالەتێکی دیاریکراوی هەیە کە خوێنەر هەست بەوە دەکات، شاعیر دەیەوێت مەچکۆ بە سوور داپۆشێت، واتە لە ڕووی ناوەکییەوە شوێنەکە بەرەو داخران ببات، سوور هەندێ جار پێوەندی بە ژووری زیندان و سێدارەوە هەیە، شاعیر خەیاڵەکانی زیندانی هەستەکانی دەبن.

سوور زۆر جار ئاماژەیە بۆ شۆڕش، وەک ئاڵای سوور، هەروەها ئاماژەیە بۆ داگیرکاری، نیشانەش خوێنڕشتن و کاولکارییە، یاخود ئاماژەیە بۆ لایەنی سێکسی، بەڵام شاعیر لەبری ئەمانە، بەشێوازێکی تر گوزارشت لە سوور دەکات، بەلای ئەوەوە هەستی "سوور، خەیاڵی سوور، شوینی سوور" گرنگترە لەلایەنی سێکس و شۆڕش و داگیرکاری. بەلای ئەوەوە هەست بریتییە لە ڕەنگی سوور کە ئیلهامی شاعیرانەی پێ دەبەخشێت، واتە لێرەدا سوور لەپێناو خزمەتکردنی هونەری شیعردایە نەک مەبەستی تر.

ئەی هێزی

شێتی شیعر

کۆمەکمکە

خەریکە

هەستی سووری

دەربڕین

لە دەستدەدەم.( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٠٧).

وەسفی شوێن بە ڕەنگی  سوور دەلالەتێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت لە نێو شیعردا، کە لە چوارچێوەی بازنەدا هەست و سۆز و وزە دەبەخشێتە شاعیر، لە لایەنی ئەندازەیییەوە خاڵی باڵادەستییە و هێز دەگرێتەوە، کە هێزی نێرینەیە بەرانبەر بە ڕەگەزی مێیینە.

ئێستە

لە بازنەیەکی مەیلەو سووردا

پیاسە دەکەین( سەراج، ٢٠١٢، ل٣٦٨).

**٣-٥- ڕەنگی زەرد**

زەرد بە یەکێک لەو ڕەنگانە دادەنرێت کە گوزارشتە لەوپەڕی خۆشی، چونکە سەرنجراکێش و کاریگەرە. ئەم ڕەنگە نوێنەرایەتیی کەیفسازی و ڕووناکی دەکات، لە هەموو ڕەنگەکانی تر ڕووناکتر و نوورانیترە، چونکە ڕەنگی خۆرە، سەرچاوەی ڕووناکی و گەرمی و ژیانە. لە کوردەواریشدا زەرد کات دیاری دەکات، وەک "جۆزەردان، گەنم زەردبوون، زەردەی خۆرئاوا". (شێخانی، ٢٠١٣، ل ٢٢٤) زەرد نیشانەی سەرکەوتن و زانست و زانیارییە، نیشانەی برایەتی و تەبایی و سۆزە، نیشانەی گەشبینی و متمانە و شانازی بەخۆکردن و داهێنانە. زەرد زۆر جار کاریگەریی تەواوی لەسەر دەروونی مرۆڤەکان هەیە، زۆر جار دڵخۆش دەبن یاخود دڵتەنگ دەبن پێی.

ڕەنگی زەرد چەند دەلالەتێکی هەیە کە گوزارشتە لەسەر  هەندێک لایەنی سلبی، ئەوانیش: "ڕەنگی نەخۆشی و دڵتوندیی، ئەم ڕەنگەش دەبەسترێتەوە بە لایەنی خەم و بێتاقەتی لە ژیان و گواستنەوە بەرەو جیهانێی پاکتر". (غطاس،١٩٤٩، ل ٩٤) زۆر جار ئەم ڕەنگە بە ڕەنگی ئارامی و هاوڕێیەتیی بیرکردنەوە دادەنرێت، زەرد ڕەنگێکە ئاستی تورەبوون کەم دەکاتەوە، دەروون ئارام دەکاتەوە، چونکە بە ئاسمان و ئاو دەبەسترێتەوە، هەروەها هێمایە بۆ وەفا و ڕاستگۆیی، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، بەپێی سیاقی دەقەکە دەلالەتەکانی زەرد دەگۆڕێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر شاعیر، بە چ مەبەستێک بەکاری دەهێنێت. لێرەدا شاعیر بەم شێوەیە باسی ڕەنگی زەرد دەکات و دەڵێت:

تازە چیم پێدەکرێ

ڕۆحت ئەژدەرێکی زەردە.( سەراج، ٢٠١٢، ل٩٣).

ئەژدیها ڕەمزێکی ئەفسانەیییە، بەڵام لێرەدا ئەژدیهای زەرد واتای مەرگ دەگەیەنێت، ڕۆحی ئەو بەرەو مەرگ هەنگاو دەهێنێت. لە کاتێکدا زەردیی زەوی، نیشانەی مردنێتی، بەڵام شاعیر لەم سەرزەمینە زەردەدا بێئومێد نابێت و دەیەوێت بەردەوام بێت لە نووسین، چونکە نووسین بە لای ئەوەوە خۆراکی ژیانێتی.

نەهاتی

لەم سەرزەوینە زەردە

ئاگر خۆشکەین  و

سوێسکەی شیعر لەشیشبەین.( سەراج، ٢٠١٢، ل١٤٠).

زەرد دەکاتە ئاماژە بۆ مەرگ، بەڵام بە هۆی جوانی یارەوە بیرکردنەوەی سەبارەت بە مەرگ دەگۆڕێت، لە بێهوودەیییەوە بۆ دەستگرتن بە ژیان، بەڵام زەرد نیشانەی مەرگە وەک لەوەی ئاماژەیەکی تری هەبێت:

جوانیت

شێوازی بیرکردنەوەی گۆریم

ئەودەمانەی

هەستی زەردی مەرگ

گەمارۆم دەدا.( سەراج، ٢٠١٢، ل٣٤٥).

ڕەنگی زەرد نیشانەی توانەوە و کۆتاییی وەرز و مردنی سروشت و مردنە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بێهیواییی شاعیر و لە نێوچوونی ئاواتەکانی، بەڵام هاشم سەراج جارێکی تر واتاکان لە بارێکی ترەوە دەگوازێتەوە بۆ بارێکی تر، زەرد لە ئاماژەی مردنەوە دەگوازێتەوە بۆ خۆشەویستی و سێکس.

**٣-٦- ڕەنگی سەوز:**

سەوز هێمایە بۆ چاکە و گەشەسەندن و ژیان و بەردەوامییە تێیدا. ڕەنگێکە ئاماژە بە سروشت دەکات، ڕەنگێکی ئارامبەخشە و ئارامی و جێگیربوون دەهێنێتە ئاراوە، سەوز تایبەتمەندیی خۆی هەیە، چونکە نە لە ڕەنگە گەرمەکانە و نە لە ڕەنگە ساردەکانە، بەڵکوو ڕەنگێکە هارمۆنییەت و ئاشتی دەهێنێتە ئاراوە. ئەم ڕەنگە بە یەکێک لە ڕەنگە سەرەکییەکان دادەنرێت، ئەمەش بە هۆی جێگیربوونی، هەروەها ڕەنگێکی خۆشەویستە، ئەمەش بەهۆی پێوەستبوونی بە هەندێک شتی گرنگ لە نێو سروشتدا، ئەوانیش وەک: ڕووەک و بەردی بەنرخ، دواتر بڕوابوونی ئایینی دێت، ئەم بڕوابوونەش بە دوای پێوەستبوونی بە ژیان و گەنجێتی دێت، چونکە هەموو ئەمانە سەرچاوەی خۆشیی مرۆڤن.

ڕەنگی سەوز گوزارشتە لە پیتاندن و ڕزق و ڕۆزی، بەپێی ئایینی ئیسلامیش ڕەنگی بەهەشتە لە دوارۆژدا، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: "عاليهم ثياب و سندس خضر واستبرق". (سورة الانسان) زۆر جار دەگوترێت: "دڵێکی سەوز کە دەلالەتە لەسەر بێتاوانی". (موختار، ١٩٩٧، ل٧٤)، ئەم دەلالەتانەش بەپێی ناوچە جیاوازەکان دەگۆڕێت، چونکە کولتوورەکان جیاوازن، لەم بارەوە "الثعالبي، دەڵێت: "ژیانێکی سەوز، مردنێکی سوور، نیعمەتێکی سپی، ڕۆژێکی ڕەش و دوژمنێکی شین". (الثعالبي، ١٩٩٢، ل٧٥).

سەوز ڕەنگێکی نێوەندگیرە، واتە لە نێوان سارد و گەرمدایە، ڕەنگێکی بەرز و نزمە، مرۆڤەکان زۆر جار کە تەماشای دەکەن، هەست بە نەمانی ئازارەکانی گیانیان دەکەن، بۆیە هۆگری مرۆڤ بۆ سەوزایی زیاترە، ئەمەش پێوەندی بە گەشانەوە هەیە لە ژیاندا. هونەرمەندی هۆڵەندی "ڤان کوخ" سەبارەت بە "سەوز و سوور" دەڵێت: "بە دوای گوزارشتدا دەگەڕێم، سەبارەت بە ئازارەکانی مرۆڤایەتی لە نێو ڕەنگەکانی سوور و سەوزدا". (عبيد،٢٠١٣، ١٠٤)، هەوڵ دەدات بە هۆی ئەم ڕەنگانەوە ئیلهام بدۆزێتەوە.

هاشم سەراج سەبارەت بە ڕەنگی سەوز دەڵێت:

پەنجە سیحروایەکانت
لە ژێی قیسارەی ژیان
بئاڵێنە و
ئاوازێ بژەنە
کەسکتر لەخەم
و شیرنتر لەشادی.( سەراج، ٢٠١٢، ل١٩٧).

سەوز خەیاڵی شاعیر دەبات و دەبێتە هێما بۆ نەمانی خەم و ئازار، مەعشوق لەڕێگەی ژەنینی میوزیکەوە، ئاوازێک دەژەنێت کە خەمەکان بکاتە شادی و شیرنتر بێت لە شادی، کە لێرەدا ڕەنگی سەوز ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ و دەبێتە مایەی هێنانەدی شادی بۆ شاعیر.

لە پارچە شیعرێکی تردا سەراج دەڵێت :

ئەی جوانی
هەمیشە
منی کەساس
بەرامبەر بەرزی باڵات
لەرزێکی
شاراوەی کەسک
دامدەگرێ.( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٣٣).

سەراج ئەوەی خستووەتە ڕوو کە چەند شەیدای جوانی و ئافرەتە، بەڵام لێرەدا لە بری ئەوەی سەوز بە واتا ئاساییەکەی کە هێمای ژیانە و ئارامییە بەکار بهێنێت، ئەوا ئەم دێت سەوز دەکاتە هێمایەک بۆ ترس و شەرم. سەراج ویستویەتی جوانییەکان بگوازێتەوە، بەڵام بە شێوازی هەمەڕەنگ و جیاواز. وەک ئاشکرایە سەوز ڕەنگی بەهەشتە، حەوزی کەوسەر یش بەشێکە لە بەهەشت، بەڵام بەهەشتی شاعیر ئافرەتێکە کە هۆگریەتی و لە تەنیشتیەتی:

ئەوەی
لەتەکتابێ
سووراحی شین
لە حەوزی کەسکی

کەوسەر
هەڵدێنێ.( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٣٥).

هاشم سەراج سەبارەت بە خەندە و ماچی ئافرەت دەدوێت تاوەکوو باری دەروونیی خۆی دەربخات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لایەنی "من" زاڵە بەسەر شیعرەکانیدا، شاعیر سەبارەت بە ماچی کەسک و خەندەی کەسک دەدوێت دەڵێت:

حەزدەکەم
پیاڵەیەک
لە
خەندەی کەست
بخۆمەوە.( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٧٣).

ماچ بە لای شاعیرەوە کەسکە، ئەمەش دەیخاتە دونیای خەیاڵاتەوە، هەستێکی گەرم و وزەی ژیانی پێ دەبەخشێت و دەڵێت:

ماچی کەسک
چەشنی تۆپی تێنس
دانە دانە
دەکەوتنە ناو لەپی دەستم.( سەراج، ٢٠١٢، ل٣٢٥).

ماچی سەوز ئاماژەیە بۆ ماچکردنی ناوچەوان، کە ئەمەش بەپێی فەرهەنگە جیاوازەکان دەگۆڕێت، بە گشتی ئاماژەیە بۆ هاوڕێیەتی و بەزەیی و دڵنیابوونەوە و ڕێزگرتن. سەراج ماچی سەوز وەکوو دڵنیایی بەکار دەهێنێت و هەڵگری خەم و ئازارەکانی مەعشووقە. کە دەیەوێت دووبارە ژیانی پێ ببەخشێتەوە.

## ئەنجام

- فرەڕەنگی دەلالەتەکانی ڕەنگ لە شیعرەکانی هاشم سەراجدا دیارە، ئاماژەکانی ڕەنگەکان خاوەن یەک واتا نین، بەڵکوو واتا و دەلالەتی ڕەنگەکان جۆراوجۆرن، بە جۆرێک یەک ڕەنگ چەند دەلالەتێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت.
- ڕەنگ ڕۆڵێکی کاریگەری لە جوانکردنی دەقی شیعریدا هەیە، ئەمەش بەهۆی دەلالەتە جیاوازەکانی ڕەنگ کە لە لایەنەکانی ئایینی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، هونەری و ئەفسانەییەوە هەیەتی، ئەم کاریگەرییانەش لە دیوانی شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراجدا بە ڕوونی دیارن.

هاشم سەراجیش یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی دەرگەکانی ڕەنگیان بە ڕووی شیعردا کردووەتەوە، بە شێوەیەکی ناهەڕەمەکیانە، دواتر ئەم کردنەوەی دەرگەیەش بۆ بەهرەی شیعری سەراج دەگەڕێتەوە.

ڕەنگەکان زیاتر لایەنی سۆزداری و سێکسی دەگرێتە خۆ، ئەمەش هەڵگەڕانەوەی شاعیرە لە کولتووری کۆمەڵگەکەی.

ڕەنگی شین، ڕەنگێکی ئارامبەخشە، شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ڕەنگی شینەوە ئارامی بە دەروونی خۆی ببەخشێت و جیهانێکی ئارام بۆ خۆی دروست بکات. سەراج، ڕەش بە مەبەستی ناخۆشی و مردن بەکار دەهێنێت، لە لایەکی تریشەوە لای ئەو نیشانەی تارکییە. ڕەنگی سپی ڕەنگی ئاشتی و مەرگە، ڕەنگی "سوور" واتە: هەستی "سوور، خەیاڵی سوور، شوێنی سوور"، گرنگترە لەلایەنی سێکس و شۆڕش و داگیرکاری. بەلای ئەوەوە هەست بریتییە لە ڕەنگی سوور کە ئیلهامی شاعیرانەی پێ دەبەخشێت، واتە لێرەدا سوور لەپێناو خزمەتکردنی هونەری شیعردایە نەک مەبەستی تر. ڕەنگی زەرد لای هاشم سەراج ئەفسانە و مەرگ دەگەیەنێت، سەوز ئارامی و وزەیە، لە لایەکی ترەوە مایەی نائارامییە.

## سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

**أ-کوردی:**

١- تەها،عەدنان عەبدول ڕەحمان ،محمد، شنۆ محمود،(٢٠١٨)، ڕەنگ لە شیعری گۆران و نیما یوشینج دا- توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی Bزانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە٣،لاپەڕە١١.

٢- رەئوف، لوقمان،(٢٠١٧)، سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا- دیوانی ڕەنگدان بە نموونە).مجلة التنمية البشرية، العدد٣، المجلد٣، اب،٦- صص٤٥٣-٤٨٢.

٣- زەنگەنە،موستەفا،(٢٠٠٢). ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکی سیمانتیکیە،٧- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤- سالار،احمد،(٢٠٠٩)، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی. ٨-

٥- سەراج، هاشم،(٢٠١٢)، دیوانی شەبەنگی شینی ژمارەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات٩- – هەولێر.

٦- شێخانی، عبدالوهاب،(٢٠١٣)، فەرهەنگی١٠- ڕەنگ، چاپی یەکەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ١١-

٧- عبدالسلام، ژوان، عەلی، یوسف،(٢٠١٩)، دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعریەکانی موستەفا١٢- بەگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی شەشەم، لاپەڕە ١١٣-١٣٢. ١٣-

٨- مەقدید، ڕوخسار،(٢٠٢٣)، میتافۆری چەمکیی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،١٤- ژمارە ٥٥، لاپەڕە٧٧.

ب-عەرەبی:

١- – نصير متوج، سمران نديم،(٢٠٠٤)، دلالات١٥- اللون و رمزه فی الشعرالجاهلی، رسالةدكتوراه، جامعەتشرين. ١٦-

٢- ابن عاشور، الطاهر،(؟)، التحرير والتنوير ط١، مؤسسة التاريخ، بيروت. ١٧-

٣- ابن منظور،(؟) ابوالفضل جمال الدين محمدبن كرم،( دت)لسان العرب، مادة لون، باب النون،فصل١٨- لام.دارصار، بيروت،لبنان، بدون سنه.

٤- احمد عبدالله، محمد حمدان،(٢٠٠٨)، دلالات١٩- الوان فی شعر نزار قبانی، رساله ماجستير، جامعه النجاح الوطنيه، نابلس، فلسطين.

٥- امتنان عثمان، العمادی،(٢٠٠١)، شعر سعدی يوسف، الطبعة الأولی، بيروت المؤسسة العربيه.

الثعالبی، ابو منصور عبدالملک،(١٩٩٢)، فقه اللغة ، طبعه وعلق عليه ياسين الأيوبی، الطبعة الأولی، المكتبة المصريه، صيدا.

حاجی ابادی، ليلا قاسم – مهند ممتحن،(٢٠١٢)، الجمال اللونی من الشعر العربی من خلال التنوع الدلالی.

حمدان نذير،(٢٠٠٢)، الأعجازالضوئی اللونی، دار أبن كثير،ط١ بيروت.

خليفه، عبدالكريم،(١٩٨٧)، الألوان فی معجم العربية، مجله مجمع اللغة العربية الأردنی،سنه١١.

الخويسكی، زين،(١٩٩٢)، معجم الالوان فی اللغة والآدب العلوم، بيروت، مكتبة لبنان.

الرازی، حمدبن ابی بكر عبدالقادر،(٢٠٠٥)، مختار الصحاح، دار المعرفه للطباعة والنشر، باب الون.

رياض-عبدالفتاح،(١٩٨٣)، التكوين فی الفنون التشكيليه، الطبعة الثانية، القاهره، دار النهضة العربية.

عبدالغنی، صبری محمد،(١٩٨٩)، البحث فی الفراغ، مطبعةجامعة بغداد.

عبدالفتاح كاميليا،(٢٠٠٧)، القصيده العربيه المعاصره، دراسه تحليله فی البنيه الفكريه والفكريه، دار المطبوعات الجامعية، مصر.

عبدالوهاب، شكری،(١٩٨٥)، الاضاءة المسرحية، مصر، الهيئة العامة المصرية.

عبو فرج،(١٩٨٢)، علم عناصر اللون، الطبعة الثانية، ميلانو – دار كيفن.

عمر احمد مختار،(١٩٩٧)، اللغة والون، الطبعة الثانية، القاهره، عالم الكتب.

كرم انطوان غطاس،(١٩٤٩)، الرمزيه والأدب العربی الحديث، بيروت-دار الكشاف.

كلو عبيد،(٢٠١٣)، الألوان، الطبعة الاولی، بيروت، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

٢٠- –محمد شفيق وزملأه،(١٩٨٦)، غربال، الموسوعه العربيه الميسره، دار نهضة لبنان، بيروت .
٢١- همام محمد يوسف، (١٩٣٠)، اللون، الطبعة الاولى، القاهره، مطبعة الاعتماد.
٢٢- هيغل،(١٩٧٨)، فكره الجمال، ترجمه : جورج جرابيشى، دار الطليعة، بيروت ،ج١.

## ألوان الحياة، رحلة عبر طيف الألوان في ديوان هاشم سراج الشعري "شەبەنگی شینی ژمارەکان"

**ملخص**

لقد كان اللون، باعتباره العنصر الأبرز في مجال العواطف، يجذب انتباه الإنسان دائمًا بسبب سحره.يرتبط اللون ارتباطًا وثيقًا بالجوانب النفسية وأذواق واهتمامات الناس. لذلك، في ارتداء الملابس والديكور وأي عمل تلوين، نرى تنوعًا غير محدود من حيث الألوان. ويعتقد أن اللون هو العنصر الأكثر أهمية في ظهور الابتكار الفني. يعتقد معظم الفنانين والكتاب العظماء في العالم اليوم أن اللون هو الانعكاس الأكثر أهمية للابتكار الفني.الشعر هو اختيار الكلمات، أو التلوين بالكلمات. لا يمكن أن يكون اختيار الألوان غير فعال في فن الشاعر؛ إن الاختيار الواعي أو غير الواعي لكل لون يجب أن يوجه سلوك الشاعر في الطبقات الدنيا من نظرته للعالم.
وفي هذه الدراسة حاولنا التعريف علمياً بهاشم سراج في كتابه من خلال الألفاظ الواردة في النص وبعض صفاته السلوكية.

الكلمات المفتاحية: اللون، الشعر، علم نفس اللون، معاني اللون، هاشم سراج.

## Colors of Life: A Journey through the Types of Colors in Hashim Saraj's Book of Poetry Shabangi Shini Zhmarakan

**Abstract**

Color, as the most prominent element in the field of emotions, has always attracted human attention because of its magic. Color is closely related to the psychological aspects, tastes and interests of people. Therefore, in wearing clothes, decor and any act of coloring, we see an unlimited diversity in terms of color. Color is believed to be the most important element in the emergence of artistic innovation. Today, most of the world's great artists and writers believe that color is the most important reflection of artistic innovation. Poetry is the choice of words, or coloring by words. The choice of colors cannot be ineffective in the poet's art; The conscious or unconscious choice of each color must guide the poet's behavior and in the lower layers of his worldview. In this study, we have tried to introduce Hashim Saraj in his book based on the words in the text and some of his behavioral characteristics.

**Key Words:** Color, Poetry, Psychology of Color, Meanings of Color, Hashim Saraj.